# پەتای تەوافوق و یەکبوونی پارتی و یەکێتی

## ڕێبین فەتاح

لە ئێستای کوردستاندا، لایەنە سیاسییەکان ئەگەر نەڵێین پارتی و یەکێتی، تەوافوقیان وەك مۆدێلێکی سیاسی هەڵبژاردووەو ئەو مۆدێلەش لە مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتییەوە (کە خاوەن بەرزترین هێزن) بۆ حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراو و سەنتەرو سەندیکا پیشەییەکان شۆڕ بۆتەوە.

ڕێککەوتن لەسەر سیستەمی تەوافوق بەنیسبەت پارتی و یەکێتییەوە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو سیستەمە هەم مانەوەی دوو حزبەکە لە دەسەڵاتدا مسۆگەر دەکات و هەم بەرژەوەندییەکانیشیان دەپارێزێت. بەر لەهەر شتێك دەبێت ئەوە بزانین کە ناکۆکییەکی وا ڕیشەیی و قوڵ لەنێوان پارتی و یەکێتیدا نییە تا تەوافوقی لەسەر بکەن جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، قسە کردن لەسەر جیاوازی یان لێکدژی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، لەوانەیە بێ بنەماترین قسە بێت کە لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانداو لە سەر لاپەڕەی کتێب و ڕۆژنامەکان بەرچاومان دەکەوێت. دیدگای هەر دوو حزبە بۆ مەسەلەکان و کێشەکان، پێکهاتەو شێوازی ئیش کردنیان هەر یەك شێوازو بەرنامەیە. لەوانەیە لەمێژووی کۆن و نوێی حزبە سیاسییەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستانیشدا دوو حزب دروست نەبووبن کە بە قەد پارتی و یەکێتی تەباو کۆك بن، ئەوەندەی ئەو دوو حزبە خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا بەرجەستە بێت. پێکهاتەی هەر دوو حزبەکە، شێوازی کارکردنیان، ئامانجەکانیان، پەیڕەو پڕۆگرامی ناوخۆیان، گوتارەکانیان، ئامانج و بەرنامەکانیان، هەڵسوکەوتی ئەندام و لایەنگرەکانیان، بارەگاو ڕێکخراوەکانیان، تەواوی ئەو خاڵانەی دوورو نزیك پەیوەندی بەو حزبانەوە هەیە، هەر یەك خاڵن بە دوو ناوی جیاوازەوە. ئەگەر بەرپرسی مەڵبەندێکی یەکێتی بکرێت بە بەرپرسی لقێکی پارتی چ دەبێت، بێگومان هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت، هەمان کارو بەرنامە، هەمان ئامانج و ستراتیژیەت. ئەو دوو حزبە ناوی شەقامەکان، قوتابخانەو خوێندنگاکان، پارك و باخچە گشتییەکان، تەواوی پێکهاتەی شار بە یەکسانی بەناوی سەرکردەو بەرپرسەکانی خۆیانەوە ناو دەنێن. سکرتێرەکانیان تا دەمرن تەنها خۆیان سکرتێر دەبن، ئەندامەکانیان وا فێر دەکرێن تا هەتایە هەر دەبێت لە ناو یەك حزبدا کار بکەن، هەردووکیان بە لایەنگرە جیابۆوەکانیان دەڵێن سەنگەرفرۆش، هەر دوو حزب بۆ پاراستن و مانەوەی خۆیان دەستی داگیرکەر دەگرن و دەیهێننەوە بۆ نیشتمان. کەواتە چۆن بتوانین قسە لەجیاوازی و لێکدژی نێوان پارتی و یەکێتی بکەین. نەبوونی جیاوازی لە بیرکردنەوەی و عەقڵی هەر دوو حزبەکەدا وای کردووە بەشبەحاڵی خۆم ئەو باوەڕەم هەبێت کە یەکێتی و پارتی لە ئایندەدا بەیەکەوەو لەچوارچێوەی یەك حزبدا کار دەکەن، هەروەك هەنگاوی سەرەتاییان بۆ ئەو مەبەستە هەڵگرتووە، مەبەست لەمەش ئەو ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەیە کە لەنێوان خۆیاندا ئیمزایان کردووە، دیارە ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە لەنێوان هەر دوو حزبەکەدا هەنگاوێکی چاوەڕوان کراوەو دەشێت هەنگاوی دیکەشی بەدوادا بێت. لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکەی نێوان پارتی و یەکێتییەوە کۆمەڵێك وتار نووسران و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تا هەنوکەش پانتاییەکی فراوانیان تەرخان کردووە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم ڕێککەوتنە. بەڵام ئەوەی گوتراوە شتێکی جدی نییەو کۆی خوێندنەوەکانیش بە ئاقارێکی جیاوازدان لە باکگراوندی ڕێککەوتنەکە. لەبەرئەوەی لەسەرەتادا باسمان لەوە کرد ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە کارێکی چاوەڕوان کراوە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا بە هۆیەوە کە دوو حزبی چوونیەکن و هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە، با ئەوەش لەبیر نەکەین کە بەرپرسە یەکەمینەکانی هەر دوو حزبەکە ڕۆژانێك لە

چوارچێوەی تەنها یەك حزب و ڕێكخراوی سیاسیدا كاریان كردووەو دواتر چەند هۆكارێكی لاوەكی و بەرژەوەندیخوازانە لێكیدابڕیون، نەك بەرنامەو تێگەیشتنی جیاواز لەسەر پرسە سیاسییەكان و ڕووداو پێشهاتەكان. یەكگرتنەوەی ئەو كەسایەتیانە كە ڕۆژانێكی زۆرو لە هەلومەرجێكی نەخوازراودا بەیەكەوە كاریان كردووەو هەلگری یەك گوتاربوون، شتێكی چاوەڕوان كراوە، بەتایبەت لە بارێكی وەك ئێستادا كە بەیەكەوە نەبوونیان زیان بە بەرژەوەندییە حزبی و شەخسییەكانیان دەگەیەنێت. ئەوەی دەبێت لەبەرچاو بگیرێت ماوەی ڕێككەوتنەكە، كە دیارینەكراوەو بەرپرسانی پارتی و یەكێتیش خۆیان لەوبارەیەوە باس لەوە دەكەن كە ڕێككەوتنەكە تا ئەو كاتە بەردەوام دەبێت كە قۆناغێكی نوێ دێتە ئاراوە، بەلام ئایا ئەو قۆناغە نوێیە بەنیسبەت چییەوە، پرسە نەتەوەییەكان، یان هەلومەرج و بارودۆخی سیاسی و بەتایبەت حزبایەتی لە كوردستاندا، كە من پێموایە ئەوەی دووەمیان ڕاسترە. كەواتە ڕێككەوتنەكە درێژە دەكێشێت و پێشبینی ئەوەش ناكرێت جارێكی دیكە پارتی و یەكێتی لەو شێوازی ئیش كردنە دابەزن كە ڕێككەوتنەكە دیاری دەكات. نەك هەر ئەوەندە بەتێگەیشتنی من ئیمزاكردنی ئەو ڕێككەوتنە هەنگاوی یەكەمە بۆ تێكەل بوونەوەی پارتی و یەكێتی و دروست كردنی یەك حزبی سیاسی لەنێوان خۆیاندا، بەلام لە كاتێكدا كە لەوە دلنیابن لە چوارچێوەی یەك حزبدا بەرژەوندییەكانیان پارێزراوتر دەبێت. خۆ دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین ژمارەیەك بەرپرسی بالای پارتی و یەكێتی هەن ئەوەندەی پشت ئەستوورن بە حزبەكەی بەرامبەریان ئەوەندە چاوەڕوانییەیان لە حزبەكەی خۆیان نییە بۆ مانەوەو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەكانیان. ئەمەش خالێكی پۆزەتیف دەبێت بە ئاراستەی لەیەكتر نزیك بوونەوەی زیاتریان.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسی سیستەمی تەوافوق لە كوردستاندا و ئەو بەهانانەی كە سەركردایەتی دوو حزبەكە بەردەوام دەیهێننەوە بۆ ڕەوایەتی دان بە سیستەمی تەوافوق لەنێوانیاندا، بەگوتەی خۆیان "ڕێكخستنی لایەنەكانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و دەستكەوتە نەتەوەییەكان، بەتایبەت لەو بارودۆخەی ئێستادا كە كوردستان و عێراق پێیدا گوزەر دەكەن"، دیارە ئەوەی پەیوەندی بە هەلوێستی حزبە  كوردستانییەكانەوە هەبێت لەبەرامبەر دەرەوە، ئاساییەو فرە بایەخیشە ئەگەر تەوافوق بكرێت، بەلام هێنانە پێشەوەی ئەو مۆدێلە بۆ ناوەوەو لەسەر ئاستی كوردستاندا هیچ نییە جگە لە كوشتنی دەنگە نارازییەكان، ئەو دەنگانەی گەندەلیان قبول نییەو لەداهاتی كوردستان دەپرسنەوە، هەروەك ڕێگە گرتنیشە لە دروست بوونی هێزی سێیەم لەدەرەوەی پارتی و یەكێتیدا كە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەرتەسك كردنەوەی بواری دیموكراسی و بێ كاریگەر كردنی گیانی فرە حزبییە لە كوردستاندا. بەمەش پارتی و یەكێتی دەتوانن هەم مانەوەیان لەسەر تەختی دەسەلاتدا مسۆگەر بكەن و هەم بەرژەوەندییەكانیشان پارێزراوتر دەبێت. كێشەیەكی دیكە ئەوە كە خودی دامەزراوەكانیش لەگەل سیستەمی تەوافوقدا ناسازێن، وەك نمونەیەكی بەرجەستە دەمەوێت ئاماژە بەو تەوافوقە بكەم كە لە سەر پێشنیاری مەكتەبی سیاسی و پارتی و یەكێتی ئەنجومەنی سەندیكای پارێزەرانی كوردستانی پێ دیاری كرا. پاش پێكهێنانی لیستێكی هاوبەش لەنێوان پارێزەرەكانی سەر بە پارتی و یەكێتی بۆ ئەندامانی ئەنجومەن و پاش هەلبژاردن و جیاكردنەوەی دەنگەكان، دەرئەنجامەكە لەگەل تەوافوقەكەدا یەكینەگرتەوە، لەبەرئەوە هەلبژاردنەكە بێ بایەخ كراو ئەنجومەنی هەلبژێردراو هەلوەشێنرایەوە. ئەمەش دەریدەخات كە تەوافوق سیستەمێكی قبولكراو نییەو لەگەل خواستەكانیشدا ناگونجێت.